https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2251.14

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لەلای دانیشتوانی گوندەکانی سەر سنوور لە دەڤەری سۆران

پ. ی. د. روناک حمید عثمان

غەریبە حسین عولا

زانکۆی سۆران- فاکەڵتیی ئاداب – بەشی دەروونزانی

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی مەیدانییە بە ناونیشانی ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لەلای دانیشتوانی سەر سنوور لە دەڤەری سۆران. ئامانجی سەرەکیی لەم توێژینەوەیەدا زانینی ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕانە لەلای دانیشتوانی گوندەکانی سەرسنوور. توێژەر بۆ دەستخستنی داتا و زانیارییەکان هەوڵیداوە لە ڕێگەی میتۆدی وەسفی و فۆرمی ڕاپرسییەوە داتاکان بەدەستبخات، کە بۆ گۆڕاوی دڵەڕاوکێی دابڕان توێژەر هەوڵی داوە پشت بەو پێوەرە ببەستێت کە لەلایەن توێژەرەوە بونیادنراوە. دوای کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان توێژەر لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئاماری و SPSS هەوڵیداوە داتاکان شرۆڤە بکرێن. دەرەنجامی ئەو توێژینەوەیە ئەوە دەردەخات کە ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لەلای دانیشتوانی گوندەکان پیشاندەدرێت و هەرچی سەبارەت بە گۆڕاوی ڕەگەزیشە ئەوا هەردوو ڕەگەز بە هەمان ئاست هەست بە دڵەڕاوکێی دابڕان دەکەن.

**کلیلە وشە:** دڵەڕاوکێی، دڵەڕاوکێی دابڕان، ترس.

## ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لەلای دانیشتوانی گوندەکانی سەر سنوور لە دەڤەری سۆران

### کێشەی توێژینەوە

دڵەڕاوکێی دابڕان هەڵچوونێکی سلبی و هەستێکی نیگەرانییە سەبارەت بە مەترسییەک یاخود هەڕەشەیەک کە ڕەنگبێت ڕووبدات (عبدخدایی و اردوبادی.٥٢: ١٣٩٠). سەرچاوە زانستییەکان دڵەڕاوکێی دابڕان وەک جۆرێک لە دڵەڕاوکێ بەوە دەناسێنن، کە لە تەمەنی منداڵیدا دەستپێدەکات یان کاریگەر دەبێت بە تەمەنی منداڵییەوە و ڕێژەی کاریگەریی ئەم دڵەڕاوکێیە لە نێوان منداڵان و ئەوانەی هێشتا نەگەیشتوون بە قۆناغی پێگەیشتن لە ٢% بۆ ٤% ە. (GILBERT.٢٠٠٢: ١٣)، بەڵام ئەمە مەرج نییە کە گەورەکانیش تووشی ئەم جۆرە پەشێوییە دەروونییە نەبن، چونکە ئەم جۆرە لە دڵەراوکێ بە یەکێک لە بنەڕەتیترین و سەرەکیترین جۆرەکان لە مرۆڤدا ناسراوە و ناتوانین بڵێن کە لەگەڵ گەورەبوون و پێگەیشتن دڵەڕاوکێی لە دەستدان نامێنێت بەڵکو لە تەمەنی گەورەییدا خۆی لەگەڵ هەندێ شڵەژان و گرفتی تری دەروونی دەردەخات. لە تەمەنی گەورەییدا دڵەڕاوکێی دابڕان نیشانەکانی وەک دڵەڕاوکێیەکی بەهێز لە جیابوونەوە لە هاوسەر و منداڵ و دایک و باوک دەردەکەوێت. هەروەها ڕێژەیەکی زۆر لە تووشبووان بە دڵەراوکێی دابڕان واتە ٥.٧٧٪ دەرکەوتنی نیشانەکانیان لە تەمەنی گەورەیی و لە سەرووی ١٨ ساڵییەوە باسکردووە. (مولایی و ئەوانی تر، ١٣٩٧: ٧٧)

ئەو توێژینەوانەی کە لەبارەی دڵەڕاوکێی دابڕانەوە ئەنجامدراون ئاماژە بەوە دەدەن کە لە دەرەنجامی ئەو دۆخە ناهەموارەی ئێستا کۆمەڵگەکان پێیدا تێپەڕدەبن، وای کردووە کە تاک هەست بە دەڵەڕواکێی دابڕان بەرانبەر بە کەس و شتە خۆشەویستەکانی خۆی بکات، لەم بارەیەوە توێژینەوەی المعموري و العبادي (٢٠١٦) ئاماژە بەوە دەدات، کە

به گوێرەی ئەو کۆمەڵگەیەی کە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجامداوە، ئەوا دایکان و باوکان لە دڵەڕاوکێیەکی بەردەوام دان لەوەی کە منداڵەکانیان لێی داببڕێت، سەرەڕای ئەوەش توێژەر ئاماژە بەوە دەدات، ئەم هەستکردن بە دڵەڕاوکێیەی دابڕان تەنها لەلای ئەو کەسانە نابیندرێت کە تووشی شڵەژانی دەروونی بوونە، بەڵکو لەلای کەسە ئاساییەکانیش ئەم هەستکردن بە دڵەڕاوکییەی دابڕان دەبیندرێت (المعموري و العبادي، ٢٠١٦: ٢٤١).

دڵەڕاوکێی دابڕان وەک گرفتێکی دەروونی لە چەندین توێژینەوەی دیکەش هەوڵ دەدرێت ئەم هەستە لە توێژینەوەکانیان پیشان بدەن، یەکێکی دیکە لەو توێژینەوانەی کە لەبارەی دڵەڕاوکێی دابڕان ئەنجامدراوە توێژینەوەی ( Hock & et al ،2001: ٢٩٠)، ئاماژە بەوە دەدات کە بە گوێرەی ئەو نموونە لێتوێژراوانەی کە دەکەونە ناو چوارچێوەی توێژینەوەکەی بە گشتی دایک و باوکان هەست بە دڵەڕاوکێی دابڕان بەرامبەر بە منداڵە هەرزەکارەکانیان دەکەن، بۆیە لە دەرەنجامی ئەو هەستکردن بە دڵەڕاوکێی دابڕانە وا دەکات کە دایک و باوکان زیاتر سەرنج بخەنە سەر منداڵەکانیان و دەیانەوێت ئاگاداری هەموو هامۆشۆی منداڵە هەرزەکارەکانیان بن. سەرەڕای ئەوەش Wijerate & Manicavasager، ٢٠٠٢: ٦٩٥) ئاماژە بەوە دەدات کە هەستکردن بە دڵەڕواکێی دابڕان لەلای کەسانی بەتەمەن و منداڵانیش دەبیندرێت، هەورەها ئاماژە بەوە دەدات کە ئەو هەستەی کە لەلای کەسانی بەتەمەن لەبارەی لەدەستدانی کەس یان شتە خۆشەویستییەکان لە چوارچێوەی دڵەڕاوکێی دابڕان دەبیندرێت، هەمان هەستیش لەلای منداڵان لەبارەی لەدەستدانی شت و کەسە خۆشەویستەکان دەبیندرێت.

دڵەڕاوکێی دابران هەستێکە کە لە گشت تەمەنەکان هەستی پێدەکرێت، بۆیەش ئەگەر سەرنج بدرێتە توێژینەوەکان ئەوا وا پیشاندەدرێت کە

منداڵانیش ئەم هەستکردن بە دڵەڕاوکێی دابڕانە لایان هەستپێدەکرێت، لەم بوارەوە ئەگەر سەرنج بدرێتە توێژینەوەی (عائیشە ،٢٠١٩) بکرێت ئەوا دەبیندرێت کە ئەم هەستکردن بە دڵەڕاوکێی دابڕانە لەلای نموونەی توێژینەوەکە هەستپێدکرێت، بەتایبەتیش لەلای منداڵان کە نموونەی توێژینەوەکەن، ئەمەش ئەو ڕاستییە پیشاندەدات کە دڵەڕاوکێی دابڕان کاریگەریی لەسەر منداڵانیش دروستدەکات و پەیوەست نییە بە تەمەنێکی دیاریکراو (عائشة، ٢٠١٩: ١٥٢). سەرەڕای ئەمانەش توێژینەوەی (Karayagiz & et al، ٢٠٢٠) ئاماژە بەوە دەدات کە دایکان و باوکان لە بەرانبەر منداڵەکانیان هەست بە دڵەڕاوکێی دابڕان دەکەن، بەڵام هەرچی سەبارەت بە ئاستی ئەو دڵەڕاوکێی دابڕانەیە، ئەوا ئەو توێژینەوەیە ئەوە دەردەخات کە دایکان زیاتر لە باوکان ئەو هەستەیان لەلا زیاتر بەدەردەکەوێت، واتە ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان زیاتر لەلای دایکان بە گوێرەی نموونەی ئەم توێژینەوەیە دەبیندرێت ( Karayagiz & et al, 2020: 3-10).

هەرچەندە سەرچاوە زانستییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە دڵەڕاوکێی دابڕان لە دەرەنجامی ترس لە لەدەستدانی شتێک یان کەسێک سەرهەڵدەدات، بەڵام هەرکاتێکیش ئەم دۆخە ترسهێنەر و نائارامییە دەروونییەی کە بۆتە هۆی دروستکردنی دڵەڕاوکێ بێ چارە بمێننەوە، ئەوا مرۆڤ بەرەو ئاقارێکی دیکەی ئاڵۆزتر دەچێت، چونکە تێکچوونی کەسێتی هەر مرۆڤێک، پەیوەستە بە چەند ڕەفتار و بیرکردنەوەیەکی نەگونجاو (قەزاز. ٢٠١٠: ٢٥) بۆیە ئەم ڕەفتار و بیرکردنەوانە ڕەنگ بێت ببێتە هۆی دەرکەوتنی دۆخێکی دیکەی دەروونی، کە ئەویش هەستکردن بە نائومێدی بێت، چونکە نائومێدی بەهۆی درککردنی تاک بەو هەل و مەرج و هەڵوێستانەوە ڕوودەدات، کە چواردەوری تاکیان داوە (فەهمی. ٢٠١٢: ٢٢٤).

بۆیە ئەو دۆخە ترسهێنەرەی بەهۆی بۆردومان و تۆپبارەنەوە دروست بوونە، ڕەنگە سەرچاوەی کۆمەڵێک نەخۆشی دەروونی بن لەلای تاکەکانی ئەم ناوچانە. جا بەهۆی ئەوەی ئەم دۆخە نائارام و بێ ئاسایشەی ئەم ناوچانە کە  چەندین ساڵە وەکو گرێ کوێرە ماوەتەوە، ڕەنگبێت دۆخێکی ترسهێنەری لەسەر دانیشتوانەکەی دروست کردبێت، هەروەها بەهۆی ئەوەی کە دانیشتوانی ئەم ناوچەیە بەزۆری لەبەر بژێوی ژیانیان وابەستە کراون بەو شوێنەوە، ڕەنگبێت هەمیشە لە دڵەڕاوکێ دابن، لەوەی کە سەروەت و سامانیان لە هەرچرکەیەک زەرەری زۆری پێبکەوێت. لە لایەکی دیکەوە درێژەکێشانی ئەو دۆخە ناسەقامگیرەی ئەوێ، کە بەبێ بوونی هیچ چارەسەرێک بەردەوامە، ڕەنگبێت تاکەکان هەست بە نائومێدی لە هەمبەر چارەسەری ئەم دۆخە بکەن و واهەست بکەن ئەم بارووەدۆخەیان هەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە. بۆیە ئەوەی وەکو پرسیار لێرەدا دەردەکەوێت ئەوەیە کە ئایا ئەم دۆخە نائارامەی کە ڕووبەڕووی دانیشتوانی گونەکانی سەرسنوور لە دەڤەری سۆران دەبێتەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە تووشی دڵەڕاوکێی دابڕان ببن، هەروەها ئەو دڵەڕاوکێی دابڕانە بەگوێرەی تەمەن و ڕەگەز گۆڕانی بەسەردا دێت؟

## گرنگیی توێژینەوە

هەر ناوچەیەک لەسەر گۆی زەوی بە هەندێ تایبەتمەندی و شێوازی ژیان لە یەکتر جیاوازن، هەر تایبەتمەندی و دۆخێکیش لە هەر ناوچەیەک ڕاستەوخۆ کاریگەری دەخاتە سەر سایکۆلۆژیەتی هەر تاکێک. بەشێکی زۆر لە زانایانی بواری سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی گرینگییەکی زۆر بە ژینگەی کۆمەڵایەتیی تاک دەدەن، بۆ ئەوەی لە ڕەنگدانەی ئەو کلتوور و بارودۆخە کۆمەڵایەتییە بکۆڵنەوە کە کاردەکاتە سەر سایکۆلۆژیەتی مرۆڤ، بۆیە کاتێکیش سەرنج دەخرێتە سەر زانایانی دەروونزانیش، بە

تایبەت ئەو ڕەوتەی کە سەر بە قوتابخانەی ڕەفتارین، ئەوا تێبینی ئەوە دەکرێت کە چۆن ڕەفتار و سایکۆلۆژیای مرۆڤ دەرئەنجامی ژینگە کۆمەڵایەتییەکانیەتی، هەر بۆیە جۆن واتسۆن دامەزرێنەری قوتابخانەی ڕەفتاری ئاماژە بەوە دەکات، کە ژینگە ڕۆڵی سێنتەری و یەکلاکەرەوەی بەسەر سایکۆلۆژیەتی مرۆڤەوە هەیە و سایکۆلۆژیەتی مرۆڤ بە هەرجۆرێک بێت ئەوا فاکتەری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژینگەیەی کە تێیدا لەدایکدەبێت و گەورە دەبێت (بەرواری، ٢٠١٩: ٢٨٦)، کەواتە ئەوەی ئەو توێژینەوەیە هەوڵی لێکۆڵینەوەی بۆ دەدات ناوچەیەکە کە چەندین ساڵە لە ڕووی ئاسایشەوە کەوتۆتە دۆخی نائارام و ململانێی جەنگی پچڕ پچڕ و تۆپباران. ئەو ناوچەیەش لە ڕووی جوگرافی سیاسییەوە کەوتۆتە سەر سنووری هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیا، کە گوندەکانی هەرسێ قەزای چۆمان، مێرگەسۆر و سۆران لە دەڤەری سۆران لەخۆدەگرێت.

نائارامی و لەدەستدانی ئاسایش مرۆڤ بەرەو دۆخێکی ئاڵۆز دەبات، کە ئەویش دوودڵی و نادڵنیابوونی تاکە، کە ڕەنگە ئەو نادڵنیاییەش ببێتە هۆی سەرهەڵدانی نەخۆشیی دڵەڕاوکێ بە گشتی و دڵەڕاوکێی دابڕان بە تایبەتی، چونکە دڵەڕاوکێی دابڕان بەوە دەناسرێتەوە کە جۆرێکە لە شڵەژانی دەروونی، تاک هەمیشە لە دوودڵی دایە لە هەمبەر لەدەستادنی کەس یاخود شتە خۆشەویستەکانی، بە واتایەکی دیکە دۆخێکی نائارامیی دەروونییە مرۆڤ هەمیشە لەوە دەترسێت کە ئەو شتانەی خۆشی دەوێن لەدەستی بدات (دورون و پارو، ١٩٩٧: ٩٩٠). دەرەنجامی توێژینەوەکان ئەوە دەردەخەن کە جەنگ و ناهەمواریی باری ئەمنی کاریگەری دەخاتە سەر تووشبوونی مرۆڤەکان بە دڵەڕاوکێی دابڕان، لەو بارەیەوە Shachar-dodan ئەوانی تر لەساڵی ٢٠١٦ ئاماژە بەوە دەکەن کە جەنگ وادەکات دایکان زیاتر هەستی دڵەڕاوکێی دابڕانیان لەلا دروست بێت و هەروەها دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی هەستی کارلێکی لەنێوان دایکان و منداڵەکانیان، لەگەڵ ئەوەشدا جەنگ وادەکات کە کە

هەڵسوکەوتی خۆگەنجاندن لەلای منداڵان نزمبێتەوە (Shachar-dadon و ئەوانی تر، ٢٠١٦: ٨). ئەمە لەلایەک، لە لایەکی دیکەوە مخایل (٢٠٠٣) ئاماژە بەوە دەدات کە درککردنی تاک بۆ هەل و مەرجی هەڕەشەئامێز و ترسناک کاریگەرییەکی گەورە دەخاتە سەر ئاستی دڵەڕاوکێیەکان، بە تایبەت ئەو دۆخانەی کە هەڕەشە و ترسەکان لە ئاستی حەقیقی دان. (مخایل، ٢٠٠٣: ١٦)

ئەم ناوچانە شوێنێکی باشن بۆ کشتوکاڵ و باغداری و بەرهەمهێنانی بەشێک لە بەروبوومی خۆماڵی، لە وەرزی هاویندا ڕێژەیەکی زۆر لە کۆچەران لە زۆربەی شوێنەکان بۆ بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات و ئاژەڵداری ڕوو لەم ناوچانە دەکەن کە دووبارە ئەمانەش دەکەونەوە بەر مەترسی و لەدەستدانی گیانیان و بەرهەمەکانیان. جگە لەمەش لایەنی جوگرافیایی ئەم ناوچانە بە جۆرێک هەڵکەوتووە کە زۆر سرنجڕاکێش و جوان بێت و لە هاویندا فێنک بێت و لە زستاندا ڕێژەیەکی زۆر بەفری لێ ببارێت، ئەمەش وای کردووە کە ببێتە شوێنێکی گونجاو بۆ پەرەپێدانی لایەنی گەشتیاری و ڕێژەیەک گەشتیار لە هەموو وەرزەکاندا ڕوو لەم ناوچانە دەکەن بەڵام لە ئێستادا دانیشتوانی ئەم ناوچانە بەهۆی خراپیی دۆخەکە و مەترسییەکانی کە بە هۆی بۆردومان بۆ ئەم ناوچانە دروست دەبێت ناتوانن سوودێکی باش لە کەرتی گەشتیاری وەربگرن و بتوانن ژیانیان پێ ببوژێننەوە هەروەها ئەو کەسانەی کە سەردانی ئەم ناوچانەش دەکەن دووبارە دەکەونەوە بەر هەڕەشە و مەترسی و ئەم ساتانەش کە بۆ حەسانەوە سەردانی ئەم شوێنەیان کردووە لەوانەیە بە شێوەیەکی زۆر نادڵنیا و پر لە دڵەڕاوکێ بەڕێیبکەن.

**سنووری توێژینەوە:**

سنووری ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە دانیشتوانی گوندەکانی سەر سنوور، لە قەزاکانی دەڤەری سۆران (چۆمان- مێرگەسور).

**ئامانجی توێژینەوە:**

١- زانینی ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لە لایەن نموونەی توێژینەوە.

٢- زانینی ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لە لای نموونەی توێژینەوە بەگوێرەی ڕەگەز.

٣.-زانینی ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لە لای نموونەی توێژینەوە بە پێی گۆڕاوی تەمەن.

**پێناسەی چەمکی**

**دڵەڕواکیی دابڕان:**

پێناسەی Key و ئەوانی تر (٢٠٠٦)

شڵەژانی دڵەڕاوکێی دابڕان جۆرێکی گەشەسەندووی نەگونجاو و دڵەڕاوکێی لە ڕادەبەدەرە، کە هاوپەیوەندە بە جیابوونەوە لە ماڵ یان کەسانی پەیوەست پێیەوە ( key و ئەوانی تر، ٢٠٠٦: ٣٦١)

پێناسەی خورشیدەند (١٣٩٣)

دڵەڕاوکێی دابڕان بریتییە لەو حاڵەتە نیگەرانییە بەهێزەی تاک، کە بەهۆی دابڕان لە خانەوادەکەی یان کەسێکی نزیکی تووشی دەبێت. (خورشیدەند، ١٣٩٣: ١٠)

پێناسەی کرداری: ئەو نمرەیەی کە لە نموونەی توێژینەوەکە بەدەستی دەهێنن لەسەر پێوەری دڵەڕاوکێی دابڕان.

**چوارچیوەی تیۆری**

**چەمکی دڵەڕاوکێ دابڕان:**

دڵەڕاوکێ  لە ئیستادا یەکە لە کێشەیەکی بەرفراوان و جیهانی بە تایبەتی لە سەردەمی ئێستادا کە مرۆڤ نوقمی چەندان کێشەی سیاسی، ئابووری، تەندروستی و تەکنۆلۆژی و ...هتد بووەتەوە و بوویتە هۆکارێک بۆ ئەوەی کە لە سەدا دەی دانیشتوانی جیهان بە دەست ئەم گرفتەوە بناڵێنن. یەکەم جار ئەم چەمکە لە لایەن فرۆید لە ساڵەکانی سەدەی بیستەمدا بەکارهاتووە (محەمەد،٢٠٢١: ١٠٥-١٠٦). سەرچاوە زانستییەکانی بواری نەخۆشییە دەروونییەکان بە گشتی و دڵەڕواکێ بە تایبەتی دڵەڕاوکێ وەکو نەخۆشییەکی دەروونی بەسەر سێ ئاست دابەش دەکەن کە ئەوانیش بریتین لە؛ دڵەڕاوکێ بابەتی، دڵەڕاوکێی خودی و دڵەڕاوکێی دەماری. ئەگەر سەرنج بدرێتە دڵەڕواکێی دابڕان ئەوا دەکەوێتە چوارچێوەی دڵەڕواکێی بابەتییەوە، چونکە دڵەڕاوکێی دابڕان بە جۆرێک لە جۆرەکان نیشانەکانی دەکەوێتە چوارچێوەی نیشانە گشتییەکانی ئەم ئاستەی دڵەڕواکێ. (السباتین،٢٠١٦: ٣٤-٣٦)

دڵەڕاوکێی دابڕان کە لە عەرەبیدا پێی دەگوترێت (قلق انفصال) و لە ئینگلیزی دا وشەی (anxiety separation) لەگەڵیدا هاوواتایە، تایبەتمەندییە گشتی و بەرفراوانەکەی لە ساتی جیابوونەوە لە کەسە نزیک و خۆشەویستەکاندایە کە تاک پێیان وابەستە بووە یا خود دابڕان لە ماڵ یان شتومەک یان ژینگە کە تاک پێیان ئاشنایە و ئاستی دڵەڕاوکێی تاک لە هەندێ حاڵەتدا دەتوانێت تا ئاستی تۆقین بڕوات (پورافکاری، ١٣٨٩: ٩٧) دڵەڕاوکێی دابڕان کاریگەریی نەرینیی بەهێز دەخاتە سەر گشت

لایەنەکانی ژیان وەک لایەنی کۆمەڵایەتی یان خوێندن. لە (DSM-IV-TR) دا سەرەتا ئەم جۆرە دڵەڕاوکێیە بە تایبەتی بۆ تەمەنی ساوایی، مندالی و هەرزەکاری دیاریکرا، بەڵام لە (DSM-5) دا هەمان نیشانە و هۆکار بۆ دڵەڕاوکێی دابڕان دیاری کراون بەو جیاوازییەی کە تەمەن سنووردار نەکراوە واتە هەموو تەمەنێک دەتوانێت تووشی ئەم جۆرە شڵەژانە ببێتەوە. هەندێک توێژینەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە دڵەڕاوکێی دابڕان لە تەمەنی گەورەییدا لێکچوونی زۆری لەگەڵ تەمەنی منداڵی هەیە. هەر بەم هۆکارەشە کە نیشانە و هۆکارەکان لە (DSM-5) دا وەک یەک بۆ گشت تەمەنێک دەستنیشانکراوە. (خۆرشیدوند و ئەوانی تر،١٣٩٤: ١٩٣و١٩٤)

توێژینەوەکانی پیشووتر جەختیان لەسەر ئاستی دڵەڕاوکێی دابران لە منداڵی و هەرزەکاریدا دەکردەوە بە جۆرێک دڵەڕاوکیی دابڕانیان پەیوەستکردبوو بە منداڵەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توێژینەوە نوێیەکان و هەوڵە نوێیەکان بۆ زیاتر لێکۆڵینەوە لەو جۆرە دڵەڕاوکێیە ئەوە دەردەخەن کە دڵەڕاوکێی دابڕان تەنیا پەیوەست نییە بەو تەمەنەوە بەڵکو لە تەمەنی گەورەیی و تەنانەت پیریشدا مرۆڤ تووشی ئەم دڵەڕاوکێیە دەبێت.(Wijeratne and Manicavasagar, 2003: 696)

**تیۆرەکانی دڵەڕاوکێی دابڕان:**

**-ئۆتۆ ڕانک:**

بە بڕوای ڕانک دڵەڕاوکێی دابڕان، پڕۆسەیەکی حەتمییە لە ژیانی هەر مرۆڤێکدا، واتە پڕۆسەی ژیانی مرۆڤ مەحکومە بە دابڕان، بۆیە مرۆڤ هەمیشە لە دڵەڕاوکێی دابڕاندا ژیان دەکات. لەو چوارچێوەیەدا ڕانک قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ بە لەدایکبوونەوە دەستنیشان دەکات کە یەکەم دابڕان لە ژینگەی ناو منداڵدانی دایک بۆ هاتنی بۆناو ژینگەیەکی دیکە کە

دوای لەدایکبوونە، دواتریش قۆناغی شیرەخۆی و دوای ماوەیەکی کەمتر دابڕان لەو قۆناغە، دواتر قۆناغەکانی خوێندنی باخچەی ساوایان، هەتا دوا قۆناغەکانی ژیانی هاوسەری و هەتا مردنیش، هەموو ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ بە درێژایی تەمەنی لە هەر قۆناغێکدا دەبێت لە قۆناغی پێشووتریدا دابڕێت، ئەوا هەستێکی دڵەڕاوکێئامێز دروستدەکات، کە سەرەنجام ئەم جۆرە هەستە وا دەکات کە دڵەڕاوکێی دابڕان لەلای مرۆڤ سەرهەڵبدات (Hecht، ١٩٩٤،لا).

**-ژاک لاکان:**

لاکان لەو باوەڕەدایە کە بونیادی کەسێتیی هەر مرۆڤێک تێپەڕبوونە بەسەر سێ ئاستدا ئەوانیش ئاستی خەیاڵی Imaginer order، ئاستی سیمبوڵی Symbolic Order و ئاستی واقیعی Real Order، کە هەر یەک لەم ئاستانە کۆمەڵێک تایبەتمەندی بە کەسێتیی هەر تاکێک دەبەخشێت (عوسمان، ٢٠١٥: ٤٢-٤٥)، هەروەها لە ڕوانگەی لاکانەوە ئاستی خەیاڵی لە سەرەتای لەدایکبوونی منداڵەوە دەستپێدەکات هەتا دەگاتە شەش مانگی وا هەست دەکات کە ئەویش بەشێکە لە جەستەی دایک، بەڵام دوای ئەم قۆناغە واتە لە شەش مانگی تا دەگاتە شانزە مانگی قۆناغێکی دیکە لە ئاستی خەیاڵیدا دەستپێدەکات کە ناودەبردرێت بە قۆناغی ئاوێنەیی (کلاگز، ٢٠٠٩: ٥٠-٥٢).

لاکان گریمانەی ئەوە دەکات کاتێک منداڵ دەگاتە قۆناغی ئاوێنەیی یەکەمین قۆناغی جیابوونەوەی خەیاڵییە لە جەستەی دایک، لەم قۆناغەدا منداڵ هەست دەکات کە خاوەن جەستەی تایبەت بەخۆیە، ئەمەش یەکەمین قۆناغی هەنگاونانە بۆ چوون بەرەو ئاراستەیەکی نامۆیی و دڵەڕاوکێی دابڕانەوە، چونکە کاتێک منداڵ هەست دەکات کە خاوەن جەستەیەکی سەربەخۆیە و لە دایکی جیایە، لە سەرێکەوە هەست بە نامۆبوون دەکات و لە سەرێکی دیکەوە هەست بەوە دەکات کە ئەو

دایکەی کە تا ئەو کات بابەتی دابینکردنی چێژبوو، ئیتر دەبێت بە واقع کە لێی جابیبێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دەرکەوتنی یەکەم ئەزموونی دڵەڕاوکێی دابڕان (هومەر، ٢٠١٧: ٣٦-٣٩).

**توێژینەوەکانی پێشووتر**

١/ توێژینەوەی (Wijerate & Manicavasager ٢٠٠٢٠)، بە ناونیشانی دڵەڕاوکێی دابڕان لەلای بەساڵاچووان، نموونەی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە ٨٧ بەساڵاچوو، کە نموونەی توێژینەوەکەی دابەشکراوە بۆ سەر دوو گروپ و میتۆدی تاقیکاری بەکارهاتووە. ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی پەیوەندیی سۆسیۆدیمۆگرافی، سایکۆلۆژی و تەندروستیی فیزیکی بە دڵەڕاوکێی دابڕان لەلای بەساڵاچووان. گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەردەخات کە هەستکردن بە دڵەڕواکێی دابڕان لەلای کەسانی بە تەمەن و منداڵانیش دەبیندرێت، هەروەها ئاماژە بەوە دەدات کە ئەو هەستەی کە لەلای کەسانی بە تەمەن لەبارەی لەدەستدانی کەس یان شتە خۆشەویستییەکان لە چوارچێوەی دڵەڕاوکێی دابڕان دەبیندرێت، هەمان هەستیش لەلای منداڵان لەبارەی لەدەستدانی شت و کەسە خۆشەویستەکان دەبیندرێ.

توێژینەوەی خورشیدوند و ئەوانی تر (١٣٩٤) بە ناونیشانی بەراوردکردنی ڕەهەندەکانی سروشتی-خودی کەسێتیی نەخۆش کە شڵەژانی دڵەڕاوکێی دابڕانیان هەیە بە بەراورد لەگەڵ کەسی دەروونددروست لەلای گەورەکان. نموونەی توێژینەوەیەکەی پێکهاتووە لە ٢٠٠ کەس. داتاکانی ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگەی پرسیارنامەوە بەدەستخراون، کە ئەم پشتی بەستووە بە میتۆدی وەسفی. دەرەنجامی ئەو توێژینەوەیە ئەوە دەردەخات کە کەسانی تەمەن گەورە کە تووشی

دڵەڕاوکێی دابڕان بوونە، ئەوا ڕەهەندەکانی سروشتی-خودی کەسێتی لە زۆربوون و بەردەوامیی نیشانە کلینیکییەکاندا ڕۆڵدەگێڕن.

توێژینەوەی سعدیة (٢٠١٢) بە ناونیشانی دڵەڕاوکێی دابڕان لە قۆناغی بەر لە  قوتابخانە لەلای منداڵان. نموونەی ئەو توێژینەوەیە پێکدێت لە شەش منداڵ کە تەمەنیان لە نێوان پێنج بۆ شەشساڵیدایە. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی کلینیکی و دیراسەی حالە بەکارهاتووە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی سروشتی دڵەڕاوکێی دابڕان لە قۆناغی بەر لە قوتابخانە لەلای منداڵان، زانینی دڵەڕاوکێی دابڕان و پەیوەندی بە چاودێریی زیادەی دایک و باوکان و زانینی پەیوەندیی نێوان دڵەڕاوکێی دابڕان و نائامادەیی یەکێک لە دایک یان باوک. دەرەنجامی ئەو توێژینەوەیە ئەوە دەردەخات کە سروشتی دڵەڕاوکێی دابڕان لە ترس، گریان، هاوارکردن و وابەستەیی بە دایک دەردەکەوێت، هەروەها پەیوەندییەکی دالی ئاماری لە نێوان دڵەڕاوکێی دابڕان و چاودێریکردنی زیادەی دایک و باوک هەیە، هەروەها نەبوون و نائامادەیی دایک یان باوک پەیوەندی بە دڵەڕاوکێی دابڕان لەلای نموونەی توێژینەوەکەوە هەیە.

**بەشی کرداری**

## کۆمەڵگەی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە گشت گوندەکانی سەر سنوور لە ناوچەی سۆران کە دەکەونە بەرمەترسی  تۆپباران و بوردومانەکانی ئێران و تورکیا. گوندەکان دابەش دەبنە سەر هەر سێ قەزای (چۆمان، مێرگەسور و سۆران) هەروەها چوار ناحیە وەرگیردراوە کە سەر بەم سێ قەزایەن بە ناوەکانی (شێروان مەزن، سمیلان یان دۆڵی ڕوست، حاجی ئۆمەران و سیدەکان). کۆی گشتیی ژمارەی دانیشتوانی ئەم

گوندانه له لایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاماری سۆران بە شێوەی خەملیندراو ئامادەکراوە، چونکە هیچ ئامارێکی ورد لەبەردەستدا نییە، بۆ ساڵی (٢٠٢٠)، کە (٥٥٢٨) کەس خەملێندراوە، ڕێژەکە دابەش دەبێت بە پێی خشتەی خوارەوە

خشتەی ژمارە (١)

کۆمەڵگەی توێژینەوە دابەشکراوە بە گوێرەی (قەزا، ناحیە)

| ژمارە | قەزا | ناحیە | مەزندەی دانیشتوان |
|---|---|---|---|
| ١ | سۆران | سمیلان/ دۆڵی ڕوست | ١٦٣٠ |
| | | سیدەکان | ٧٣١ |
| ٢ | چۆمان | حاجی ئۆمەران | ١٤١٤ |
| ٣ | مێرگەسور | شیروان مەزن | ٢٠٥١ |

**نموونەی توێژینەوە:**

نموونەی توێژینەوە بریتییە لە (٣٦٠) کەس کە بە پشتبەستن بە خشتەی مۆرگان وەرگیراوە، هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ دەگرێتە خۆی کە تەمەنیان لە نێوان (١٨-٧٥) ساڵییە و بە شێوەی نموونەی هێشویی Cluster هەڵبژێردراوە، کە ئەم جۆرە لە هەڵبژاردنی نموونەی

توێژینەوە بۆ ئەو کۆمەڵگەیانە بەکاردێت کە قەبارەیان گەورەیە و ڕووبەری جوگرافیایەکی جیاوازیشیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ لیستێک بۆ ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە بە شێوەیەکی ورد و دروست لەبەردەست نەبێت، بۆیە لە ڕێگەی جۆری نموونەی هێشوویی دەتواندرێت کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بۆ سەر یەکەی سەرەتایی دابەش بکرێت و توێژەر بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بۆسەر یەکەی بچووکتر دابەشیان دەکات و دواتر وەکو نموونەی لێکۆڵینەوەکەی سوودیان لێ وەردەگرێت ( Kothari, 2004: 16).

خشتەی ژمارە (٢)

دیاریکردنی نموونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز و تەمەن

| گرووپی تەمەنەکان | ڕەگەز | | کۆ |
|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | |
| ١٨-٢٤ | 59 | 52 | 111 |
| ٢٥-٣١ | 53 | 38 | 91 |
| ٣٢-٣٨ | 41 | 31 | 72 |
| ٣٩-٤٥ | 14 | 15 | 29 |
| ٤٦-٥٢ | 13 | 6 | 19 |
| ٥٣-٥٩ | 7 | 7 | 14 |
| ٦٠-٦٦ | 9 | 8 | 17 |
| ٦٧-٧٣ | 3 | 2 | 5 |
| ٧٤-٨٠ | 1 | 1 | 2 |
| کۆی گشتی | | | 360 |

**پێوەری توێژینەوە:**

**پێوەری دڵەڕاوکێی دابڕان :**

مەبەست لە پێوەر لە بواری دەروونزانیدا بریتییە لە پرۆسەی پێوانەکردنی بابەتێک کە دەیەوێت زانیارییەکان بە شێوەی چەندایەتی پیشانبدات هەروەها دەکرێت پێوەر بەوەش بناسێندرێت کە کردەیەکی ڕێکخراوە بۆ پێوانەی دیاردەیەکی بابەتی کە بەشێوەی ژمارەیی و ڕێژەیی گوزارشتیان لێدەکات (ابو اسعد،٢٠٠٧: ١٢). لەبەرئەوەی پێوەرێکی گونجاو نەبوو کە پێوانەی گۆڕاوەی دڵەڕاوکێی دابڕان بکات و گونجاو بێت لەگەڵ کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکەمان، چونکە پیویست بوو پێوەرەکە پێوانەی ئەو جۆرە لە دڵەڕاوکێیە بکات کە بە هۆی ئەو بۆردومانانەوە دروست دەبوون کە ئێران و تورکیا دروستیان کردووە و دەبووە هۆی لەدەستدان یا خود دابڕانیان لە کەس و کار یا بەروبووم و لەدەستدانی کەلوپەل ...هتد، لە لای کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، بۆیە توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی پێوەرێک بۆ دڵەڕاوکێی دابڕان لە لای کۆمەڵگەی توێژینەوە دوای خوێندنەوەی وردی تیۆرەکان و پشتبەستن بە تیۆری ئۆتۆڕانک (١٣٧٢) و زانیاری لەسەر توێژینەوەکانی پێشووتر سەبارەت بە دڵەڕاوکێی دابڕان توێژەر سێ پرسیاری کراوەی ئامادەکرد و بەسەر (٥٠) کەس لە نموونەی توێژینەوەدا دابەشکرد، دواتر بە پێی وەڵامی نموونەی هەڵبژێردراو و خوێندنەوەیەکی وردی تیۆری، کۆمەڵێک پرسیار هەڵێنجران و پرسیارنامەیەکی لێ دروستکرا کە (٢٢) بڕگە بوو کە دواتریش دراوەتە دەستی شارەزایان بە مەبەستی پێداچوونەوە و دیاریکردنی بڕگەی گونجاو و نەگەنجاو هەروەها نووسینی تێبینییەکانیان و دەرهێنانی ڕاستگۆیی بۆ پرسیارنامەکان.

**جێگرەوەکانی پێوەری دڵەڕاوکێی دابڕان:**

سەبارەت بە جێگرەوەی وڵامەکان بۆ پێوەری دڵەڕاکێی دابڕان بە ڕێگای (Likert) هەڵبژێردراوە لە بەرانبەر هەر بڕگەیەکدا سێ بژاردە دەستنیشانکراون کە ئەوانیش (زۆر جار=٣ ، کەمجار=٢، هەندێکجار=١) ئەمەش بە مەبەستی گۆڕینی وەڵامی بەشداربووانە بۆ ژمارەکان بۆ ئەوەی بتواندرێت شیکردنەوەیان بۆ بکرێت.

**ڕاستگۆیی پێوەری دڵەڕاوکێی دابڕان:**

ڕاستگۆیی یەکێکە لە گرنگتیرین تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکان کە لە ڕێگەیەوە دەتواندرێت پێوانەی دەروونی بکرێت، چونکە یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکان کە بڕیار دەدات لەسەر بەکارهێنانی پێوەر (عبدالرحمن، ٢٠١٧: ١٠) کە ئایا ئەم پێوەرە شیاوە بۆ پێوانەکردنی بابەتی هەڵبژێردراو یاخود نا.

بە مەبەستی دەستکەوتنی ڕاستگۆیی بۆ پێوەرەکان توێژەر هەڵساوە بە دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی (Face validity) کە ئەم جۆرە لە ڕستگۆییە پێداگری دەکات لەسەر پەیوەندیی بڕگەکانی پێوەر بە بابەتی پێوەرەکە کە ئەمەش لە ڕێگەی شارەزایانەوە هەڵسەنگاندن بۆ بڕگەکان دەکرێت (القصابي، ٢٠٢٠: ٥٤٣) هەروەها دوو یاسای بۆ دۆزینەوەی ئەنجامەکان بەکارهێنراون کە یەکێکیان ڕێژەی سەدی بۆ گشت بڕگەکان و ئەوەی تریان دۆزینەوەی بەهای (chi-Squared) بۆ دەرهێنانی ئاستی بەڵگەداری ئاماری بۆ هەر بڕگەیەک.

**ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەری دڵەڕاوکێی دابڕان:**

دوای ئامادەکردنی پێوەر بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی (٩) پسپۆر هەڵبژاردران لە بوارەکانی دەروونزانی و کۆمەڵناسی

و پرسیارنامەیان پێشکەشکرا بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندن بۆ پرسیارەکان بکەن و بیروڕای خۆیان لەسەر پرسیارنامە بنووسن هەروەها پرسیاری گونجاو و نەگونجاو دیاری بکەن و تێبینی خۆیان لە سەر پرسیارەکان بنووسن. دوای (٧) ڕۆژ پرسیارنامەکان لە شارەزایان وەرگیرانەوە.

دوای پێداچوونەوە بە فۆڕمی شارەزایان ڕێژەی سەدی بۆ گشت بڕگەکان دەرهێندرا هەروەها بەهای (Chi-Squared) دەرهێندرا بۆ هەر بڕگەیەک کە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو بڕگەیە ئاستی بەڵگەداری ئاماری هەیە یا خود نیەتی. بۆ ئەم مەبەستەش ئاستی (Chi-Squared) دەرچووی بەراوردکرد بە بەهای خشتەیی (Chi-Squared) (٣.٨٤١) کە ئاماژەدەدات بەوەی کە هەر بڕگەیەک لە بەهای (٣.٨٤١) کەمتر بوو پێویستە لابدرێت. (Sharpe, 2015: 1).

بۆ گۆڕاوی دڵەڕاوکێی دابڕان کە بڕگەی ژمارە (٣-١٤) لادرا. لەبەر ئەوەی ئاستی گونجاوی بڕگەکانی (٣-١٤) بە پێ هەڵسەنگاندنی گشت شارەزاکان ئەنجامەکەی بریتی بوو لە (٧٧.٧%) و بەهای chi-Squared) (٢.٧٧) و لەبەر ئەوەی لە بەهای (Chi-Squared) خشتەیی (٣.٨٤١) کەمترە، کەواتە ئەم دوو بڕگەیە ئاستی بەڵگەداری ئامارییان نییە و پێویستە لە پێوەرەکە لابدرێن لە ئەنجامدا لە کۆی (٢٢) بڕگەی پێوەری دڵەڕاوکێی دابڕان (٢٠) بڕگە بەڵگەداری ئامارییان هەبوو و دەتوانین بە (٢٠) بڕگە پێوانەی ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان بکەین لە سنووری توێژینەوەدا.

خشتە(٣)

ڕێژەی ڕاستگۆیی بۆ پێوەری دڵەڕاوکێی دابڕان بەڕێگەی Chi- Squared

| ژمارەی شارەزایان | گونجاو | نەگونجاو | ڕێژەی سەدی | بەهای Chi- Squared خشتەیی ٣.٨٤ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٩ | | %١٠٠.٠٠ | ٩ |
| ٢ | ٩ | | %١٠٠.٠٠ | ٩ |
| ٣ | ٧ | ٢ | %٧٧.٧٠ | ٢.٧٧ |
| ٤ | ٩ | | %١٠٠.٠٠ | ٩ |
| ٥ | ٨ | ١ | %٨٨.٨٠ | ٥.٤٤ |
| ٦ | ٩ | | %١٠٠.٠٠ | ٩ |
| ٧ | ٩ | | %١٠٠.٠٠ | ٩ |
| ٨ | ٩ | | %١٠٠.٠٠ | ٩ |
| ٩ | ٨ | ١ | %٨٨.٨٠ | ٥.٤٤ |
| ١٠ | ٩ | | %١٠٠.٠٠ | ٩ |
| ١١ | ٩ | | %١٠٠.٠٠ | ٩ |
| ١٢ | ٩ | | %١٠٠.٠٠ | ٩ |
| ١٣ | ٩ | | %١٠٠.٠٠ | ٩ |
| ١٤ | ٧ | ٢ | %٧٧.٧٠ | ٢.٧٧ |
| ١٥ | ٩ | | %١٠٠.٠٠ | ٩ |
| ١٦ | ٩ | | %١٠٠.٠٠ | ٩ |
| ١٧ | ٩ | | %١٠٠.٠٠ | ٩ |
| ١٨ | ٩ | | %١٠٠.٠٠ | ٩ |
| ١٩ | ٩ | | %١٠٠.٠٠ | ٩ |
| ٢٠ | ٩ | | %١٠٠.٠٠ | ٩ |
| ٢١ | ٩ | | %١٠٠.٠٠ | ٩ |
| ٢٢ | ٨ | ١ | %٨٨.٨٠ | ٥.٤٤ |

**هێزی جیاکاریی برگەکانی پێوەری دڵەڕاوکێی دابڕان:**

بۆ دروستکردنی پێوەری دڵەڕاوکێی دابڕان پێویستیمان بە نموونەی توێژینەوە هەبوو بۆ دیاریکردنی هێزی جیاکاری برگەکان (القوة التمييزية للفقرات) دوای وەرگرتنەوەی فۆرمی شارەزایان و دەرهێنانی ڕێژەی سەدی بۆ پێوەر و بەهای (Chi-Squared) بۆ هەر برگەیەک و لادانی ئەو برگانەی کە بەڵگەداری ئامارییان نەبوو، ئەو برگانەی کە مانەوە و بەڵگەداری ئامارییان هەبوو کران بە پێوەرێک و ئامادەکران بۆ خستنە

بەر بەشێک لە نموونەی توێژینەوە. بۆ ئەم مەبەستە لە بەرواری (٢٠٢٠/٣/١٠) فۆرمی ئامادەکراو خرایە بەر دەستی(١٤٠) کەس لە نموونەی توێژینەوە لە هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێ هەروەها تەمەنیان لە نێوان (١٨--٧٥) ساڵیدایە کە ئەمەش (٢٧%) نموونەی توێژینەوەیە.

بە ئامانجی شیکردنەوە و دیاریکردنی هێزی جیاکاریی بڕگەکان بۆ پیوەری دڵەڕاوکێی دابڕان (١٤٠) کەس هەڵبژێردران و پێوەرەکەیان بەسەردا دابەشکرا توێژەر شێوازی نموونەی دوو لایەن واتە گروپی بەرزترین نمرەکان (٢٧%) و گروپی نزمترین نمرەکان (٢٧%) وەرگرت و لە کۆتاییدا ئەم هەنگاوانەی بۆ دەرهێنانی توانای جیاکاری گرتنەبەر:

پێداچوونەوە بە گشت فۆڕمەکان و پێدانی نمرەی دیاریکراو بە گشت بڕگەکان.

دیاری کردنی نمرەی گشتی هەر تاکێک کە بەدەستیهێناوە لەسەر پێوەرەکە بە پێی کێشی جێگرەوەی وەڵامەکان.

وەرگرتنی (٣٧) کەس کە نوێنەرایەتی (٢٧%) لە تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە دەکەن، بەرزترین نمرەیان هێناوە و لە پێوەری دڵەراوکێی دابڕان و (٣٧) کەس کە نوێنەرایەتی (٢٧%) لە تاکەکانی نموونەکە دەکەن کە نزمترین نمرەیان بەدەستهێناوە. بەراوردکردنی بەهای T.testی دەرهاتوو بە نمرەی ئازاد (٣٥)، هەروەها بەهای خشتەیی (٢.٠٤٢).

لە ئەنجامدا دەرکەوت پێوەری دڵەراوکێی دابڕان، گشت بڕگەکان هاوکۆلکەی جیاکارییان باشە و گەیشوونەتە ئاستی ئاماژەی ئاماری (2.042)، چونکە گشت بڕگەکانی پێوەری دڵەڕاوکێی دابڕان لە سەرووی ئاستی ئاماژەی ئاماری (2.042) دان.

خشتەی (٤)

توانای جیاکاری برگەکانی پێوەری دڵەڕاوکێی دابڕان

| ژمارەی برگە | گرووپی بەرزترین نمرە | | گرووپی نزمترین نمرە | | بەهای T.tes ژمێردراو |
|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمارەیی | لادانی پێوەری | |
| .١ | ٢.٩ | ٠.٣١٦٢٣ | ١.١ | ٠.٣١٦٢٣ | ٢٤.٤٨٢٦٥ |
| .٢ | ٢.٨ | ٠.٤٢١٦٤ | ١.٢ | ٠.٤٢١٦٤ | ١٦.٣٢١٧٦ |
| .٣ | ٣ | ٠ | ١.٣ | ٠.٤٨٣٠٥ | ٢١.٤٠٧٢٨ |
| .٤ | ٣ | ٠ | ١.٢ | ٠.٤٢١٦٤ | ٢٥.٩٦٧٧٧ |
| .٥ | ٢.٩ | ٠.٣١٦٢٣ | ١.٣ | ٠.٤٨٣٠٥ | ١٦.٨٥٧٠٥ |
| .٦ | ٢.٩ | ٠.٣١٦٢٣ | ١.٤ | ٠.٦٩٩٢١ | ١١.٨٨٩٨٢ |
| .٧ | ٣ | ٠ | ١.١ | ٠.٣١٦٢٣ | ٣٦.٥٤٧٢٣ |
| .٨ | ٢.٩ | ٠.٣١٦٢٣ | ١ | ٠ | ٣٦.٥٤٧٢٣ |
| .٩ | ٢.٧ | ٠.٦٧٤٩٥ | ١.١ | ٠.٣١٦٢٣ | ١٣.٠٥٧٤١ |
| .١٠ | ٣ | ٠ | ١.١ | ٠.٣١٦٢٣ | ٣٦.٥٤٧٢٣ |
| .١١ | ٣ | ٠ | ١.١ | ٠.٣١ | ٣٧.٢٨١٤٥ |
| .١٢ | ٣ | ٠ | ١.١ | ٠.٣١ | ٣٧.٢٨١٤٥ |
| .١٣ | ٢.٨ | ٠.٤٢١٦٤ | ١ | ٠ | ٢٥.٩٦٧٧٧ |
| .١٤ | ٢.١ | ٠.٧٣٧٨٦ | ١ | ٠ | ٩.٠٦٨١١ |
| .١٥ | ٢.٥ | ٠.٧٠٧١١ | ١.٢ | ٠.٤٢١٦٤ | ٩.٦٠٥٠٧ |
| .١٦ | ٢.٨ | ٠.٤٢١٦٤ | ١ | ٠ | ٢٥.٩٦٧٧٧ |
| .١٧ | ٢.٦ | ٠.٥١٦٤ | ١.٢ | ٠.٤٢١٦٤ | ١٢.٧٧٣٨ |
| .١٨ | ٢.٧ | ٠.٤٨٣٠٥ | ١.٢ | ٠.٤٢١٦٤ | ١٤.٢٣٠٢٥ |
| .١٩ | ٢.٥ | ٠.٥٢٧٠٥ | ١.١ | ٠.٣١٦٢٣ | ١٣.٨٥٥١٣ |
| .٢٠ | ٢.٢ | ٠.٦٣٢٤٦ | ١.٢ | ٠.٤٢١٦٤ | ٨.٠٠٢٤٠٣ |

دەلالەتی ئاماژەی ئامارییەکە بە ئاستی دەلالەتی (2.042)

**ڕاستگۆیی بونیادنانی پێوەری دڵەڕاوکێی دابڕان**

ئەنجامی پەیوەندیی برگەکانی پێوەری دڵەڕاوکێی دابڕان بە نمرەی گشتیی پێوەرەکە، دەرکەوت گشت برگەکانی پێوەرەکە دڵەڕاوکێی دابڕان ئاماژەی ئامارییان هەیە، چونکە بەپێی خشتەی پێرسۆن بۆ پەیوەندی لە نێوان برگەکان لێرەدا پشت بە ئاستی مامناوەند و ئاستی بەرز بەستراوە، بەو پێیەی هەر بەهایەکی دەرهێندراو بکەوێتە ئاستی 0.1 ئەوا برگەکە لاوازە، هەر برگەیەکیش بکەوێتە ئاستی 0.3 ئەوا ئاستێکی مامناوەندی

دەبێت و هەر بڕگەیەکیش ئاستی بکەوێتە 0.5 یان گەورەتر، ئەوا ئاستی بڕگەکان لە ئاستێکی بەهێزدا دەندرێن ( Samuel & Mollie, 2014, P. 1). کەواتە لێرەدا دەکرێت ئاماژە بەوە بدرێت گشت بڕگەکان پەیوەندییەکی مامناوەند و بەهێزیان لە نێواندا هەیە.

خشتەی ژمارە (٥)

پەیوەندیی بڕگەکانی پێوەری دڵەڕاوکێی دابڕان بە نمرەی گشتیی پێوەرەکە

| ژمارەی برگە | پەیوەندی | ژمارەی برگە | پەیوەندی | ژمارەی برگە | پەیوەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | .690** | 10 | .677** | 19 | .327** |
| 2 | .646** | 11 | .715** | 20 | .591** |
| 3 | .620** | 12 | .676** | | |
| 4 | .707** | 13 | .687** | | |
| 5 | .642** | 14 | .660** | | |
| 6 | .628** | 15 | .693** | | |
| 7 | .633** | 16 | .635** | | |
| 8 | .708** | 17 | .707** | | |
| 9 | .691** | 18 | .638** | | |

## جێگیری پێوەری دڵەڕاوکێی دابڕان

جێگیری هاوواتایە لەگەڵ توانای دووبارەبوونەوە بۆ نموونە ئاستێک یان تاقیکردنەوەیەک کاتێک جێگیر دەبێت کە لە دووبارە پێوانە کردنەوەدا

له ژێر هەمان مەرج بە جێگیری بمێنێتەوە و هەمان ئەنجامیش بخاتەڕوو (taherdoost, 2016: 33) و بۆ ئەم توێژینەوەیە دوای دابەشکردنی فۆڕمی توێژینەوە بەسەر نموونەی توێژینەوە کە (١٤٠ ) کەس بوون بە بەکارهێنانی یاسای (Alpha corronbax) جێگیری بۆ فۆڕمی دڵەڕاوکێی دابڕان (٠.٩٠).

**کەرەستە ئامارییەکانی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیە:**

١-بەکارهێنانی یاسای کا٢(Chi-Squared) بۆ ڕاستگۆیی ڕەواڵەتی.

٢- ڕێژەی سەدی بۆ دۆزینەوەی ڕاستگۆیی ڕەواڵەتی.

٣-(Cronbach,s Alpha) بۆ دۆزینەوەی جێگیری بە ڕێگەی ناوەکی.

4- هاوکۆڵکەی پەیوەستی پێرسۆن ( Pearson correlation Coefficient) بۆ دۆزینەوەی جێگیری بە ڕێگەی پێوانەکردنەوە.

٥-یاسای تی تێستی یەک نموونەیی (one sample T.Test) بۆ زانینی ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان.

٦-یاسای تی تێستی نموونەی سەربەخۆ (indipendent T,Test) بۆ زانیننی ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز.

٧-یاسای ئەنۆڤا (One Way ANOVA) بۆ زانینی ئاستی دڵەڕاوکێێ دابڕان بە پێی گۆڕاوی تەمەن.

٨-یاسای (Cohen) بۆ زانینی کاریگەریی قەبارە.

٩-یاسای (Eta Squared) بۆ زانیی کاریگەریی قەبارە.

**ئەنجامی توێژینەوە**

## ئامانجی یەکەم:

١-زانینی ئاستی دڵەڕاوکێ دابڕان لە لایەن نموونەی توێژینەوە

خشتەی(٦)

شیکردنەوەی زانینی ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لای نموونەی توێژینەوە

| ناونیشان | قەبارەی نموونە | ناوەندی ژمێری | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەری | تاقیکردنەوەی T.Test | نمرەی ئازاد | p.Sig(2-tailed) | ئاستی گوزارشتی 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دڵەڕاوکێی دابڕان | 360 | 41.4806 | 40 | 9.34004 | 3.008 | 359 | .003 | بەڵگەداری ئاماری هەیە |

بەکارهێنانی یاسای ( One Sample T.test) کە بۆ زانینی ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان بەکارهاتووە نموونەی توێژینەوە بریتییە لە (360) کەس و لە ئەنجامدا دەرکەوت (ناوەندی ژمێرەیی= 41.4806) بە (لادانی پێوەری= 9.34004) و (ناوەندی گریمانەیی= 40 )، هەروەها (نمرەی ئازاد = 359) (T= 3.008، P= .003<0.05). لەبەرئەوەی ناوەندی گریمانەیی لە ناوەندی ژمێری بچوکترە هەروەها بەهای (p= .003) ئەم بەهایەش بچوکترە لە (0.05) ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، بابەتی دڵەڕاوکێی دابڕان بەڵگەداری ئامارییە و دڵەڕاوکێی دابڕان لە لای نموونەی توێژینەوە لەو ناوچانەی دەکەونە بەر بۆردومانەکانی وڵاتانی ئێران و تورکیادا هەیە، هەروەها قەبارە کاریگەریی (Effect Size) دەکاتە (0.05) ئەم بەهایەش هاوتایە لەگەڵ ئاستی مامناوەندی یاسای

(Cohen) که (0.05) ئەمەش ئەوە دەردەخات؛ دڵەڕاوکێی دابڕان لەو ناوچانە بە ئاستێکی مامناوەند هەیە.

ڕەنگە هۆکاری ئەم حاڵەتە دەروونییەش بۆ چەند هۆکارێک بگەڕێتەوە، لەم بارەیەوە بیرمەندان لەم باوەڕەدان، پەیوەندییەکانی مرۆڤ لە ئەنجامی نادڵنیایی و بەربەستەکان دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دڵەڕاوکێی دابڕان، بۆیە زۆرجار ئەم دڵەڕاوکێی دابڕانەی لە ئەنجامی نادڵنیاییەوە سەر هەڵدەدات و بە دوو شێوە دابەشیان دەکەن کە یەکەمیان پەیوەستە لە ترسان لە تەنیابوون یان کۆچکردن یانیش دابڕان لە شوێنەکانیان و هەرچی شێوەکەی دیکەیە ئەوا ئەو ترس و دوودڵییەیە لەوەی کەسێک یان شتێک لە ئەودا داببڕێت (ابوزید، ٢٠١١، لا. ٣١).

ئەنجامی توێژینەوەکانیش ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە بە گشتی خەڵک دڵەڕاوکێی دابڕانیان هەیە:

هەر وەک لەم توێژینەوانەدا دەرکەوتووە خەڵک دڵەڕاوکێی دابڕانیان هەیە بە تایبەتی دڵەڕاوکێی دابڕان لە کەسوکارە نزیکەکان و شتە خۆشەویستەکانیان (Olofsdotter, 2017, p. 73) هەروەها توێژینەوەیەکی تر ئەنجامەکەی ئەوەی دەرخستووە کە دڵەراوکێی دابڕان لە لای نموونەی توێژینەوە دەبیندرێت و نموونەی توێژینەوەکە هەست بە دڵەڕاوکێی دابران دەکەن لە بەرانبەر لەدەستدانی کەسە نزیکەکانیان یان منداڵەکانیان (Hock et al, 2001, p. 290).

**ئامانجی دووەم**

زانینی ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر- مێ) لە لای نموونەی توێژینەوە.

خشتەی (٧)

شیکردنەوەی زانینی ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر- مێ) لە لای نموونەی توێژینەوە.

| گۆڕاو | ڕەگەز | قەبارەی نموونەکە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | تاقیکردنەوەی T.Test | نمرەی ئازاد | P.Sig(2-tailed) | ئاستی گوزارشتی 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دڵەڕاوکێی دابڕان | نێر | 200 | 40.6400 | 10.13479 | -1.916 | 358 | 0.056 | بەڵگەداری ئاماری نیە |
| | مێ | 160 | 42.5313 | 8.14949 | | | | |

بۆ زانینی کاریگەریی ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ ) یاسای (Independent Samples Test) بەکارهاتووە، لە ئەنجامدا دەرکەوت ڕەگەزی نێر ژمارەیان (200) کەسە، ناوەندی ژمێرییەکەی بریتییە لە (40.6400) هەروەها لادانی پێوەری (10.1347) و ڕەگەزی مێ ژمارەیان (160) کەسە ناوەندی ژمێرییەکەی بریتییە لە (42.5313) و لادانی پێوەری (8.14949) بە نمرەی ئازاد (358)، بەهای (T= -1.916، P= ٠.٠٥6>٠.٠٥) لەبەر ئەوەی بەهای (p= ٠.٠٥6) گەورەترە لە ئاستی گوزارشتی (٠.٠٥) بەڵگەداری ئاماری نییە. هەروەها قەبارەی کاریگەری (effect size) دەکاتە (0.2). کەواتە دەکرێت بگوترێت دڵەڕاوکێی دابڕان بە شێوەیەکی لاواز کاریگەری دەخاتەسەر ڕەگەز.

لەم چوارچێوەیدا هەر وەک ئاشکرایە لە دەروونناسیدا کاتێک زانایان ویستوویانە شیکردنەوەیەکی سایکۆلۆژیانە بۆ دیاردەیەک یان ڕەفتارێک بکەن یانیش زانیارییەک بخەنەڕوو ئەوە بە شێوەیەکی گشتی باسیان لە مرۆڤ کردووە نەوەک جیاکردنەوەی مرۆڤ و دابەشکردنیان بۆ ڕەگەزی نێر و مێ (جەمال، ٢٠٠٩، لا. ٢٣٢).

هەرچی سەبارەت بە توێژینەوەکانی پەیوەست بەم بابەتەن ئەوا توێژینەوەی (Vanderlaan & et al, 2018) ئاماژەی بەوە داوە، ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لە لای ڕەگەزی نێر زیاتر دەردەکەوێت بە بەراورد بە ڕەگەزی مێ.

**ئامانجی سێیەم**

زانینی ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان بەپێی گۆڕاوی تەمەن.

خشتەی ژمارە (٨)

زانینی ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان بەپێی گۆڕاوی تەمەن

| Descriptives | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | گرووپی تەمەن | قەبارە | ناوەندی ژمێری | لادانی پێوەری |
| دڵەڕاوکێی دابڕان | 18-24 | 111 | 40.0000 | 9.99909 |
| | 25-31 | 91 | 40.5934 | 10.45623 |
| | 32-38 | 72 | 42.5556 | 7.61372 |
| | 39-45 | 29 | 43.7241 | 5.73770 |
| | 46-52 | 19 | 41.5263 | 11.00186 |
| | 53-59 | 14 | 44.6429 | 9.81057 |
| | 60-66 | 17 | 44.3529 | 7.76966 |
| | 67-73 | 5 | 42.4000 | 6.10737 |
| | 74-80 | 2 | 43.5000 | 7.77817 |
| | Total | 360 | 41.4806 | 9.34004 |

خشتەی ژمارە (٩)

شیکردنەوەی جیاوازیی زانینی ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان بە پێی گۆڕاوی تەمەن

| Anova | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاستی گوزارشت 0.05 | Sig | بەهای(F) | Mean Squares | نمرەی ئازاد | Sum Of Squares | |
| بەڵگەداری ئاماری نییە | .295 | 1.205 | 104.600 | 8 | 836.803 | نێوان گرووپەکان |
| | | | 86.841 | 351 | 30481.060 | ناوگرووپەکان |
| | | | | 359 | 31317.864 | کۆ |

بۆ زانینی کاریگەریی دڵەڕاوکێی دابڕان لە سەر گۆڕاوی تەمەن هاوکێشەی جیاوازی (One Way ANOVA) بەکارهاتووە و لە ئەنجامدا دەرکەوت کە گرووپی تەمەن لە نێوان (24-18) ساڵی (111) کەسی لەخۆگرتووە و ناوەندی ژمێرەیی (40.0000) بە لادانی پێوەری (9.99909) هەروەها ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (31-25) ساڵیدایە (91) کەس لەخۆدەگرێت کە ناوەندی ژمێرەیی (40.5934) و بە لادانی پێوەری (10.45623) و ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (38-32) ساڵیدایە (72) کەسە بە ناوەندی ژمێرەیی (42.5556) و لادانی پێوەری (7.61372) و ئەو گرووپانەی تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (45-39) ساڵی کە ژمارەیان (29) ناوەندە ژمێرەییان (43.7241) بە لادانی پێوەری (5.73770). هەرچی سەبارەت بە ئەو گرووپانەی تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (52-46) ساڵی کە ژمارەیان (19) ناوەندە ژمێرەییان بریتییە لە (41.5263) بە لادانی پێوەری (11.00186) و ئەوانەی کە تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (59-53) ساڵی کە ژمارەیان (14) ناوەندە ژمێرەییان بریتییە لە (44.6429) بە لادانی پێوەری (9.81057)، ژمارەیان پێکدێت لە (17) و ناوەندە ژمێرەییان بریتییە لە (44.3529) بە لادانی پێوەری (7.76966).

ئەوانە تەمەنیان لە نێوان (73-67) ساڵیدایە، ژمارەیان پێکدێت لە (5) و ناوەندە ژمێرەییان بریتییە لە (42.4000) بە لادانی پێوەری (6.10737) و ئەوانە تەمەنیان لە نێوان (80-74) ساڵیدایە، ژمارەیان پێکدێت لە (2) کەس و ناوەندە ژمێرەیی بریتییە لە (43.5000) بە لادانی پێوەری (7.77817). و کۆی ئەوانی تر (Total) کە (360) کەسن بە ناوەندی ژمێرەیی (41.4806) و لادانی پێوەری (9.34004) دوای جێبەجێکردنی جیاوازی (ANOVA) (Sum OF Squares)ی نێوان گرووپەکان (Between Group= 836.803) بە نمرەی ئازاد (8) و ( Sum OF Squares) ناو گرووپەکان (Within Group= 30481.060) بە نمرەی ئازاد (351) و (Sum OF Squares) کۆیەکان ( Total= 31317.864) بە نمرەی ئازاد (359) هەروەها (Mean Square) نێوان گرووپەکان دەکاتە (104.600) و (Mean Square) ناو گرووپەکان دەکاتە (86.841) و بەهای (F= 1.205، 0.05 <P=0.295,) لە ئەنجامدا ئەوە دەردەکەوێت کە بەهای (P=0.295) گەورەترە لە (0.05)، کەواتە بەڵگەداری ئاماری نییە. لە کۆتاییدا بۆ زانینی قەبارەی کاریگەریی یاسای (Etta Squared) بەکارهاتوو کە باهاکەی بریتی بوو لە (0.01) کە ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە دڵەڕاوکێی دابڕان بەپێی گۆڕاوی تەمەن کاریگەرییەکی لاوازی هەیە.

ئەمەش بەپێی تیۆری لیڤین پشتڕاستدەکرێتەوە کە پێیوایە بوونەوەری زیندوو تاکێکی سەربەخۆ و جودایە لە ژینگەی دەوروبەری و لە هەمان کاتیشدا هەر ئەو تاکە بەشێکە لە گشت، کاتێک نائارامی و ناسەقامگیری لە ژینگەی تاکدا هەیە، هەر تاکە و بە جۆرێک درک بەم ناسەقامگیرییە دەکات، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەم ناسەقامگیرییە کاریگەری دەبێت بەسەر گشت تاکێکدا کە ئەم تاکەش بەشێکە لەو گشتە (شاملۆ، ٢٠١٠، لا. ١٩٨-١٩٩).

ئەنجامی توێژینەوەکانی تریش بە هەمان شێوە دەرخەری ئەوەن کە گشت تەمەنێک تووشی دڵەڕاوکێی دابڕان دەبێت و ئەمەش تایبەت نییە تەنیا بە گرووپێک لە تەمەن. هەر وەکو توێژینەوەی Wijerate & Manicavasager, 2003)، کە بە ناونیشانی دڵەڕاوکێی دابڕان لەلای بەساڵاچووان ئەنجامدراوە، ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەی دەرخستووە هەستکردن بە دڵەڕواکێی دابڕان لەلای کەسانی بە تەمەن و منداڵانیش هەیە، هەورەها ئاماژە بەوە دراوە ئەو هەستەی لەلای کەسانی بە تەمەن لەبارەی لەدەستدانی کەس یان شتە خۆشەویستووەکان لە چوارچێوەی دڵەڕاوکێی دابڕان دەبیندرێت، هەمان هەستیش لەلای منداڵان لەبارەی لەدەستدانی شت و کەسە خۆشەویستەکان دەبیندرێ، هەروەها توێژینەوەی (خورشیدوند و ئەوانی تر، ١٣٩٤) بە ناونیشانی بەراوردکردنی ڕەهەندەکانی سروشتی-خودی کەسێتی نەخۆش کە شڵەژانی دڵەڕاوکێی دابڕانیان هەیە بەبەراورد لەگەڵ کەسی دەروونتدروست لەلای گەورەکان. ئەنجامی ئەو توێژینەوەیە ئەوە دەردەخات کەسانی تەمەن گەورە کە تووشی دڵەڕاوکێی دابڕان بوونە، ئەوا ڕەهەندەکانی سرووشتی-خودی کەسێتی لە زۆربوون و بەردەوامیی نیشانە کلینیکییەکاندا ڕۆڵدەگێڕن.

**شیکردنەوەی دەرەنجامەکان:**

**ئەنجامی یەکەم:** بەگوێرەی دەرەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەردەکەوێت کە دڵەڕاوکێی دابڕان بە ئاستێکی مامناوەند لەلای نموونەی توێژینەوەکە دەبیندرێت، ئەمەش ڕەنگە هۆکارەکەی بۆ هەبوونی ئەو ئاڵۆزی و دۆخە ترسهێنەرانە بێت کە دانیشتوانی ئەم ناوچانە لە دەرەنجامی تۆپباران و بۆردومانی فڕۆکەکان کە لە ناوچەکە بوونی هەیە هەست بە دۆخێکی نائارامی و نائاسیشی بکەن، چونکە کاتێک نائارامی لە ناوچەیەکدا دروست دەبێت ئەوا تاکەکان لە هەمبەر ژیان و ئابووریی

خۆیان دەکەونە حاڵەتێکی نیگەرانییەوە و ترسیان لەوە دەبێت کە شت و کەسە خۆشەویستەکانیان لەدەستبدەن. لەم بارەیەوە (عبدالله، ٢٠١٩) ئاماژە بەوە دەدات کە ئەو ناوچانەی کە شەڕ و نائارامی تێدایە، ئەوا وادەکات تاکەکانی بەردەوام لە دۆخێکی سایکۆلۆژیای ئاڵۆزدا ژیان بکەن و لە دەرەنجامی ئەو نائارامییەش، تاکەکان تووشی چەند شڵەژانێکی دەروونیی ئاڵۆز دەبنەوە، هەروەها ئاماژە بەوەش دەدات کە تاک ڕوانگەی بەرانبەر بە داهاتووی ناڕوون دەبێت و دەکەوێتە حاڵەتی دڵەڕاوکێوە و هەست بە دابڕان و لەدەستدانی ژیان و شتە خۆشەویستەکانی دەکات (عبدالله، ٢٠١٩: ٢١). کەواتە نائارامی و نەبوونی ئاسایش دەکرێت یەکێک بێت لە هۆکارە سەرەکییەکان کە تاک هەست بە دڵەڕاوکێی دابڕان بکات.

**ئامانجی دووەم:** یەکێکی دیکە لەو دەرەنجامانەی کە لەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە ئەوەیە کە دڵەڕاکێی دابڕان بەپێ گۆڕاوی ڕەگەزی نێر و مێ، هەروەها گۆڕاوی تەمەن هیچ جیاوازییەکی ئاماری پیشانناردرێت، واتە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، هەروەها بە گوێرەی جیاوازیی تەمەن هەموویان بە نزیکەیی یەک ئاست تووشی دڵەڕاوکێی دبڕان دەبن، ئەمەش ڕەنگە هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەم دۆخەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە کە دۆخێکی نائارامە وای کردبێت کە دانیشتوانەکەی بەبێ جیاوازیی تەمەن و ڕەگەزەوە هەست بە دڵەڕاوکێی دابڕان بکەن، چونکە هەبوونی دۆخێکی ناسەقامگیر لە ڕووی ئاسایش و ئارامییەوە تەنها هەڕەشە نییە بۆ سەر ڕەگەزێک یان تەمەنێکی دیاریکراو، بەڵکو ئەو دۆخە بۆ گشت کەسێک ڕەنگە وەک یەک بێت. لەلایەکی دیکەوە دڵەڕاوکێی دابڕان یەکێکە لە شڵەژانە دەروونییەکان دەکرێت هەر کەسێک لە هەر ڕەگەزێک یان تەمەنێک بێت تووشی ئەم شڵەژانە ببێت، چونکە گرفت و شڵەژانە دەروونییەکان پەیوەست نین بە ڕەگەزێک یان تەمەنێکی دیاریکراوەوە بەڵکو گشت کەسێک دەکرێت تووشی ببێت، لەم بارەیەوە حەسەن (٢٠١٩) ئاماژە بەوە دەدات کە ئەگەری تووشبوونی تاک بۆ

گرفت و شڵەژانە دەروونییەکان پەیوەست نییە بە تاکە ڕەگەزێک یان تەمەنێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو گشت مرۆڤەکان ئەگەری ئەوەیان هەیە کە تووشی گرفت و شڵەژانە دەروونییەکان ببن (حسن، ٢٠١٩: ٣٢). کەواتە دەکرێت ئاماژە بەوە بدرێت کە ڕەنگە هۆکاری نەبوونی جیاوازی لە هەستکردن بە دڵەڕاوکێی دابڕان بە گوێرەی گۆڕاوەکانی ڕەگەز و تەمەن ئەوە بێت کە هەرچەند جیاوازیی ڕەگەزی و تەمەن لە ئارادایە، بەڵام سەرەنجام هەموویان مرۆڤن و گشت مرۆڤێکیش دەکرێت تووشی شڵەژان و گرفتە دەروونییەکان ببێت.

**ڕاسپاردە:**

١/ هەوڵبدرێت ڕێنمایی دەروونی پێشکەش بەو ناوچانە بکرێت، بە مەبستی کەمکردنەوەی ئەو هەستکردنانەی تاک بە شڵەژانە دەروونییەکان.

٢/ ڕاسپاردنی کەسانی پسپۆڕ بۆ دۆزینەوەی شێوازێک لە ڕێنمایی تایبەت بەو دۆخانەی کە لەڕووی ئاسایشەوە نائارامن، بۆ ئەوەی تاکەکان بتوانن بەگوێرەی پێویست خۆیان لەگەڵ دۆخەکە بگونجێنن.

**پێشنیاز:**

١/ ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەبارەی گرفتە دەروونییەکانی ئەو ناوچانە کە بەردەوام لە دۆخێکی ناسەقامگیردان لە ڕووی ئارامی و ئاسایشەوە، بە مەبەستی دیاریکردنی گرفتە دەروونییە جۆربەجۆرەکان کە لە ئەنجامی ئەو نائارامییانە دروست بوونە.

٢/ کردنەوەی سەنتەرێکی ڕێنمایی دەروونی و چارەسەری دەروونی بۆ ئەو ناوچانە.

**سەرچاوەکان:**

**سەرچاوە کوردییەکان:**


- بەڕواری، خالید میکائیل: ٢٠١٩، تیۆرییین کەسایەتی، چ: تەهران.
- حسن، ئەفرام محمد: ٢٠٠٩، نەخۆشییە دەروونیەکان، چ: یەکەم، چاپخانەی تاران- نشر احسان.
- فەهمی، موستەفا: ٢٠١٢، دەروون دروستی، و: سەلاح سەعدی، چ: یەکەم، چاپخانەی نارین.
- قەزاز، ئازاد: ٢٠١٠، کەسێتی و ململانێی دەروونی، چ: یەکەم، چاپخانەی چوارچرا.
- کلاگز، ماری (٢٠٠٩)، نەرێکار کۆمەڵە وتاری فەلسەفە و دەروونشیکاری، وەرگێڕانی منسوور تەیفووری و ئیبراهیم شەوقی، چاپی یەکەم، چاپخانەی چاپ و پەخشی حەمدی_هەولێر.
- محمەد، نازەنین عوسمان(٢٠٢١)، بنەماکانی دەروون دروستی، چاپی: دووەم، چاپەمەنی: نارین – هەولێر.
- هومەر، شون (٢٠١٧)، ژاک لاکان، وەرگێڕانی غەریبە حوسێن، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆسا، هەولێر.


**سەرچاوە عەرەبییەکان**


- ابو اسعد، احمد عبداللطيف (٢٠١١). دليل المقايس والاختبارات النفسية والتربوية، الجزء الاول، طبعة الثانية، ديبنو لتعليم التفكير_الاردن.

- دورون، رولا، يارو، فرنسوا (١٩٩٧). موسوعة علم النفس، ترجمة فؤاد شاهين، طبعة الاولى، عويدان للنشر والطباعة_بيروت.

- السباتين، سوزان ياسر (٢٠١٦) خفض القلق وتحسن التكيف النفسى لمرضى الروماتويد، الطبعة الاول، طابعة: دار الزهدي- الاردن.

- سعدية، يحياوي (٢٠١٢). قلق الانفصال في مرحلة كمون عند الاطفال الاسرة المطلقة، رسالة ماجستير، جامعة العهد أكلي محند اولحاج بالبويرة، معهد العلوم الانسانية والاجتماعية_الجزائر.

- عائشة، جقابة (٢٠١٩). قلق الانفصال لدى اطفال المرحلة التحضيرية، رسالة ماجستير، جامعة محمد بوضياف بالمسيلة، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية_الجزائر.

- عبدالله، محمد قاسم (٢٠١٩)، الاثار النفسية ولسلوكية للحرب على الاطفال والمراهقين وبرامج معالجتها، طبعة الاولى، مركز ديمشق للابحاث ولادراسات_السورية.

- القصابي، خليفة بن احمد بن حميد (٢٠٢٠). تحليل الفقرات في بناء المقايش النفسية: الصدق الضاهري، الصدق الفقرات، الصدق العاملي، مجلة الدولية للدراسات التربوية والنفسية، عدد ٣، مجلد ٨. DOI: https://doi.org/10.31559/EPS2020.8.3.1

- مخائيل، امطانيوس: ٢٠٠٣، دراسة لمقياس القلق بوصفة حالة وسمة على عينات من طلبة الجامعات السورية، م: جامعة دمشق، المجلد ١٩، العدد الثانى

- المعموري، ناجح حمزة خلخال و العبادي، عامر عابدي زامل (٢٠١٦). قلق الانفصال وعلاقته بالاتجاهات الوالدية لدى الاطفال المضطربين

سلوكيا واقرانهم العاديين، مجلة كلية التربية الاساسية للعلوم التربوية والانسانية، عدد ٢٥، جامعة بابل_العراق.

**سەرچاوە فارسییەکان:**

- پورافكارى، نصرالله:١٣٨٩، فرهنگ جامع روانشناسى- روانپزشكى، جلد اولA-K، چ: هفتم، كتابخانه ملى ايران، فرهنگ معاصر

- خورشيدوند، زينب و بوگر، اسحاق رحييمان و طالع پسند، سياوش(١٣٩٤) مقايسه ابعاد سرشتى- منشى شخصيت بيماران داراى اختلال اضطراب بزرگسالى با افراد سالم، مجله روانپزشكى و روانشناسى بالينى ايران، سال بيست و يكم، شماره: ٣، صص١٩٣-٢٠١.

- مولايى، مهرى، نادر حاجلو، گودرز صادقى هشجين، نيلوفر ميكائيلى، شيما حيدرى: ١٣٩٧، ويژگى هاى روانسنجى پرسشنامه اختلال اضطراب جدايى بزرگسالان در دانشجويان ، فصلنامه پژوهش در سلامت روانشناختى،ش: ١

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

- Donder, L. d., Buffel, T., Vert, D. Dury, S. & Witte, N. D. (2009). FEELINGS OF INSECURITY IN CONTEXT: THEORETICAL PERSPECTIVES FOR STUDYING FEAR OF CRIME IN LATE LIFE, INTERNATIONAL JOURNAL OF ECONOMICS AND FINANCE Vol 1, No 1. https://www.sobiad.org/eJOURNALS/journal_IJEF/archieves/ijef2009/01LiesbethDonder.pdf

- Gilbert, S. (2002). Coping with anxiety and phobias, 1st edition, Harvard Health Publication, US.
- Hecht, P. J., "The "Fine Line" of Otto Rank" (1994). Open Access Dissertations. Paper 902. https://digitalcommons.uri.edu/oa_diss/902
- Hock, E., Eberly, M., Bartle-Haring, S., Ellwanger, P. & Widaman, K. F. (2001). Separation Anxiety in Parents of Adolescents: Theoretical Significance and Scale Development, Child Development, Vol. 72, No. 1. http://www.jstor.org/stable/1132485
- Karayagiz, Ş., Aktan, T., & Karayagiz, L. Z. (2020). Parental Attachment Patterns in Mothers of Children with Anxiety Disorder. Children, 7(5), 46. doi:10.3390/children7050046. https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pmc/articles/PMC7278851/
- Kay, J. & Tasman, A. (2006), Essentials of psychiatry, 1st edition, John Wiley & Sons, USA.
- Kothari, C. R. (2004) Research methodology, 1st edition, New age International (P) Limited, India.
- Olofsdotter, S. (2017). Anxiety among adolescents, 1st edition, centre for clinical research, Sweden.
- Shachar-Dadon, A., Gueron-Sela, N., Weintraub, Z., Maayan-Metzger, A., & Leshem, M. (2016). Pre-Conception War Exposure and Mother and Child

Adjustment 4 Years Later. Journal of Abnormal Child Psychology, 45(1), 131–142. doi:10.1007/s10802-016-0153-9. https://pubmed.ncbi.nlm.nih.gov/27081009/

- Taherdoost, H. (2016). Validity and Reliability of the Research Instrument; How to Test the Validation of a Questionnaire/Survey in a Research. International Journal of Academic Research in Management. 5. 28-36. 10.2139/ssrn.3205040.

- Wijerat, Ch. & Manivavasagan, V. (2003), Separation anxiety in the elderly, Journal of anxiety disorder, V. 17. https://isiarticles.com/bundles/Article/pre/pdf/34872.pdf

- Hussian, A. & Sharma, M. L. (2016). Quality of life and hopelessness among adolescent rage picker of Delhi, India, Universal journal of psychology, 2 (4). DOI: 10.13189/ujp.2016.040204

**Abstract:**

This study is a field study entitled The Level of Anxiety of Separation among Border Residents in the Soran area. The main purpose of this study is to find out the level of anxiety in the residents of the villages across the border. To obtain data and information, the researcher tried to obtain data through descriptive methods and survey forms, which to change the anxiety of separation, the researcher tried to rely on the criteria that were built by the researcher. After collecting data and information, the researcher tried to analyze the data through statistical analysis and SPSS. The results of this study show that the level of anxiety of separation is shown by the residents of the villages, and that whatever is related to gender change, both genders feel the same level of anxiety.